چیرۆکە هەواڵ

# خۆکوشتن: جەنگێکی بەردەوام، ئاسۆیەك، قەت لەئاسۆ هەڵنەهات

سەلام عومەر

(ئاسۆ کەمال) بەرلەوەی وەکو قوتابییانی هاوپۆلەکانی یەکە بەیەکەی قۆناغەکانی خوێندن ببڕێ، لەناوەڕاستی هەشتاکانو بۆ یەکەم جار جەستەی ناسکی لەبەردەم خێزانەکەیدا شل بۆوەو دووچاری نەخۆشییەك هات بەئامانو زەمان لێی نەدەبۆوە، ئەو ڕۆژە بۆ ئاسۆی هەرزەو جەستە ناسك، سەرەتای جەنگێکی بێ بەرامبەر بوو کە ٢٢ ساڵ درێژەی هەبوو، چونکە هەموو ڕۆژەکانی تەمەنی ئاسۆ خۆئامادەکردن بوو بۆ بەرەنگار بوونەوەی نەخۆشیەك کە نەیدەزانی بەکوێدا هاتن، بەڵام دەیزانی چۆن کۆتایی دێت، بۆیە هەموو جار دەیگوت ئەوەندەی لەناو پۆلی خوێندن ئاگام لەوە بوو دووچاری نەخۆشیەکە نەبمو لەبەردەم قوتابیو مامۆستاکاندا شەرمەزار نەبم، هێندە ئاگام لەخوێندنو وانەکان نەبوو، ئاخر کە خوێندنم جێ هێشتو دەستم بەکارکردن کرد، دیسانەوە مشتەریو هاوسێکان، ئەوانەی زۆربەدڵسۆزیەوە منیان دەگەیاندە نەخۆشخانەو ماڵەوە، جێگەی سەرنجیان بووم، هەستم دەکرد ئەم (فێ)یە من لەژیان دادەبڕێ، نایەڵێ وەکو کەسێکی ئاسایی بژیموهەمیشە بەدوومەوەیە، هەموو چرکەیەك لەژیانی مندا ترسێکی بۆ دەچاندم، لەپزیشكو چارەسەرو دەرمان بێزار بوومو تەنها دەنگی مامڵێ یان لێدانی ئەو تەپڵەی کە لەبێ ئاگاییەوە فێر بووم ئەم نەخۆشیەی لەبیر دەبردمەوە، ئەگەرنا منو فێ یەخەی یەکتریمان گرتبوو لەجەنگێکی درێژخایاندا بووینو قەد نەمدەهێشت بەسەرما زاڵ بێ، ئاسۆ کە پۆلی سێی ناوەندی تەواو کرد، دەستی بەکارکردن کرد، زۆری نەبرد ئەو دۆستو خۆشەویستانەی لەدەوری بوونو وەکو باب‌وبراکانی دڵسۆز بوون بۆی، بەهۆی ڕاگواستنی قەڵادزێ وە تەفرو تونابوون، ساڵی ١٩٨٩ بوو خێزانەکەی ئەوان هاتنە هەولێرو سەرەتای ترسێکی دی شلتری دەکرد، لەوێ لەم شارە گەورەو جەنجاڵەدا نەیدەتوانی بەبێ کەسێکی نزیك لەخۆی بێتە دەرێو پێی وابوو لەهەر شوێنێك دووچاری ئەم نەخۆشیە بێت، هەر لەوێو بەبێ کەسی کۆتایی دێت، بۆیە بڕیاریدا زۆربەی کاتەکانی لەماڵەوە بەسەر بەرێ، بەڵام ئەمەش چارەسەری کۆتایی نەبوو، چونکە گۆشەگیری لەنێو چوارچێوەکاندا زیاتر هەرەسی پێ دێنێ بیرکردنەوەو مانەوەی وەك کەسێکی بێ بەرهەم دوای دەخاو هەموو ڕۆژەکانی ژیانیشی دەبێتە ئەو بەرنامەیەی کە ئەو نایەوێ، بۆیە جارێکی دی بڕیاری کارکردنیدا، لەیەك کاتدا ململانێی دژی نەخۆشیە درێژخایەنەکانو سەلماندنی خۆشی کە دەتوانێ لەهەر بارودۆخێکدا بێ کار بکات، زۆری نەبرد بەهۆی دۆزینەوەی چارەسەری کاتیو هاتنی دەوا لەدەرەوەی وڵاتو بڕوا بوون بەخۆ، ئاسۆی ڕووناك کردەوەو بەدەگمەن نەبا دووچاری ئەم نەخۆشیە نەدەبوو، بەڵام ئەم دەرفەتەش زۆری نەخایاندو لەساڵانی دوو هەزارەکاندا هەفتانە هێرشی دەکردە سەر ئاسۆو ئەویش بێزاربوو لەو بەرگریەی کە هەموو جار بەلەخۆچوونو وە ئاگاهاتنەوە کۆتایی دەهات.

هەر تەنها شەش ڕۆژ بەر لەڕوودانی کارەسات ئاسۆم دیتو دەیگوت: منێك کە لەخۆم ڕانەبینم هاوسەرگیری بکەمو کار بکەمو ئۆتۆمبێل لێبخورم، منێك کە نەتوانم کوێم بوێ بچمو وەکو ئێوەو هەموو هاوتەمەنەکانم منداڵی خۆمو ماڵو سەربەخۆیی خۆم هەبێ، منێك کە نازانم ئایندەم چییەو چارەسەریشم هەرگیزاو هەرگیز ناکرێ.؟ ئاخر تاکەی وا بەلاوازیو بێ هیوایی هەموو ڕۆژێك لەم بەرگریە سەختەدا بم، کە تەواوی پزیشکەکانی ئەم وڵاتەم کردووەو دەستەپاچەن، شارەزای ئامۆژگاری ئەوانو ئێوەش بووم، تێگەیشتم کە ژیان بەم جۆرە مانایەکی نییەو تەنها ڕێگەیەك بۆ قوتاربوونم یەك فیشەکە، نامەوێ ئەم نەخۆشیە من بکوژێودەبێ خۆم کۆتایی بەو جەنگە بهێنم کە لەگۆڕەپانەکەدا بەتەنهامو ٢٢ ساڵە ئاسۆیەك نابینم لەمنی ئاسۆ هەڵبێ.

ئەو ڕۆژە ئاسۆ بەمنی گوت: مامە هەموو ڕۆژانی ڕابردوو دەبێت بکەمە یادگاریو ئێستاش بۆ تۆ دەبێتە ئەو چیرۆکەی کە قەت لەبیر ناچێتەوە، ئامۆژگاری تۆو ماڵەوەو پزیشکەکان دووبارەنو ٢٢ ساڵە بەبەر گوێمدا ڕەتدەبنو چارەسەرنین، ئەمە دوا دیداربوو، ڕۆژی ٧ / ٢ / ٢٠٠٧ کاتژمێر ٩:٥٠ خولەك سەرلەبەیانی بوو دەنگی تەقەیەك گەڕەکی گوڵانی ناوشاری هەولێری شڵەژاندو دواجار ئاسۆی بەستەزمان ئەو ئایندەی هەڵبژارد کە دەمێك بوو نەخشەی بۆ کێشابوو، ئایندەیەك کە لێرە بۆتە دیاردەو تەواوی ڕۆژەکان دەکاتە یادگاری، شەوێك بەر لەخۆکوشتنەکە، نەیدەزانی لەکوێ بنوێ، لەژووری میوان، یان ئەو شوێنەی تفەنگێکی نەعلەتی لێیەو لەوەتەی هەیە بەکار نەهاتووە، ئەو شەوە تا بەیانی جینگڵ دەداو نەخشە بۆ کوشتنی خۆی دادەڕێژێ، سەر لەبەیانی دوای ڕۆیشتنی باوكو براکانی بۆ سەر کار، ئەو بەخاوەن کارەکەی ڕادەگەیەنێ کە ئیدی نایەتەوە، زۆر بەبێ دەنگی ئەو دۆڵابە دەشکێنێ کە تفەنگەکەی تێدایەو دەچێتە ژووری سەرەوەو بەبێ دوو دڵی فیشەکێك بەو شوێنەوە دەنێ کە ٢٢ ساڵە هەراسانی کردووەو لەگەڵ هەنگاوتنی نەخۆشیەکە، دواجار خۆی دەکاتە قوربانی ئەو ئایندەیەی زۆر لێی دەترسا.




# دیاردەی بەزۆرکارپێکردن (تجند) بە منداڵان لەجیهان

عەلی کەندی

گرێدانی کۆنگرەی نێودەوڵەتی لەبارەی دیاردەی بەزۆر کارپێکردن بەمنداڵ لەجیهان لە ٥ / ٢ / ٢٠٠٧ لەپاریسی پایتەختی فەرنسا لەسەر داوای حکومەتی فەڕەنسا لەپێناو شکاندنی ئەو بازنە بەتاڵەی کە بۆتە هۆی هۆکارەکانی چەوسانەوەی منداڵ کە بۆتە دیاردەیەکی مەترسیدار کە ئێستا زیاتر لە ٢٥٠ هەزار مێرد منداڵومنداڵ لە جیهاندا. بە ناچارکردنی منداڵو کارکردنیان چ بەسەربازو چ چەکداری پارتو ڕێکخراوو گروپە جیاجیاکان لەجەنگ کارە هەمە لایەنەکانی دیکەی کارپێکردن لە کارگەو پرۆژەو کۆمپانیاو دامو دەزگاکانی دەوڵەت بەهۆی ئەو ڕۆژانەو ناچاربوونی بنەماڵەو خێزانەکانیان بەهۆی نەبوونی کەمترین پێداویستەکانی ژیان.

بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵ (یۆنسێف) کە ڕێژەی کارپێکردنو فڕاندنو قاچاخچی پێوە کردن ساڵانە دەگاتە زیاتر لە ١,٢٥٠,٠٠٠ منداڵ لەنێوان ناوچەو هەرێمە جیاجیاکان لە جیهاندا. لەگەڵ ئەوەشدا چەوسانەوەی منداڵ خۆی لە ٢٤٦٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن منداڵ دەدات لەو کارانەی کە شایستە نین بۆ منداڵان.. کە ئێستا ١٣٢ وڵات پلەی یەکەمیان هەیە بۆ کارپێکردنو چەوسانەوەی منداڵان بەتایبەتی لەسۆماڵو سودانو ئێراقو لوبنانو ئەفغانستانو بۆرەندیو تشاردو کۆلۆمبیاو کونگۆو کەنارەکانی عاج مایەنمارو نیپاڵو فلیپینو سەریلاناکاو ئۆگەندا کە ئەم دەوڵەتانە بۆ سەرچاوەی چەوسانەوەی منداڵ لەهەموو دیوارەکانی ژیانو کاری جەنگی بەتایبەتی لەلایەن پارتو ڕێکخراو و گروپە ئیسلامیەکان لەڕێگەی ڕۆشنبیرکردنی نا دروستو خەڵەتاندنیان بەهۆی نەخوێندەواریانو کەمی ڕۆشنبیری یاخود ناچاربوونی خێزانەکانیان بەکارپێکردنیانو ماوە دانیان لەپێناو پەیداکردنی لوقمەی ژیان هەر وەك لە ڕاپۆرتی حکومەتی بەریتانیا دەرکەوت لە کۆنگرەکەدا.

کارپێکردنی منداڵ لەبوارەکانی جەنگو چەکداری لەڕیزەکانی میلیشیاو کارپێکردنیان لەکاری سیخوڕیو کارەکانی دیکەی هەمە لایەن لەهەموو بوارەکان.. بەتایبەتیش لەشەڕە ناوخۆیەکانی لوبنان لەساڵی ١٩٧٥ - ١٩٩٠و هەروەها شەڕە ناوخۆییەکانی سۆماڵو سودان بەتایبەتیش لەکیشوەرەکانی ئاسیاو ئەمریکای لاتینیو ئەفریقیا وەك جەنگی هەشت ساڵەی نێوان ڕژێمی بەعسی لە ئێراقو ڕژێمی ئیسلامی لەئێران لە ٢٢ / ٩ / ١٩٨٠ تاکو ٨ / ٨ / ١٩٨٨. ئەمەو جگە لەشەڕی دژ بە هێزەکانی سوپای یەکێتی سۆڤیەت لەدوای ساڵەکانی ١٩٨٠ لەلایەن ڕێکخراوی قاعیدەو مەلا عومەر لە ئەفغانستان، هەروەها لە جەزائیرو ئەو وڵاتانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردوون لەهەموو بوارە جیاجیاکان لەجیهاندا، هەروەها بازرگانی پێکردنیان لەڕێگەی فڕاندنی منداڵی تەمەن لەخوار ١٠ ساڵانو کوشتنیانو فرۆشتنی ئەندامەکانیان بەجیاجیا بۆ کەسانی دیکە لەپێناو چاکبوونەوە بە پارەیەکی خواستیاری بەتایبەتیش لەوڵاتانی سەرمایەداری کە ئەمڕۆ پەنا بۆ هەموو کارێکی نامرۆڤانە دەنێن لەپێناوی بەرژەوەندی تایبەت، بەتایبەتی ئەو منداڵانەی کە دایكو باوکیان کوژراون یاخود ون بوونویاخود بێ باوکن هەر وەك چۆن ڕژێمی بەعس لەئێراق درێخی نەکرد لەئەنفالو کیمیا بارانو وێرانکردنی کوردستانو دەربەدەرکردنی گەلی کوردستانو شێواندنی باری ژیانو ناچارکردن بە پەنابردن بۆ هەموو کارێکی نامرۆڤانە کە ئەمەش هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەسەڵاتانەی کە بوونی دادپەروەری بە دە لەیەك لەدەسەڵاتەکانیاندا بەدی ناکرێت بەپاوانکردنو داگیرکردنی سامانی هەمە لایەنەی گەلەکەیانو ناچارکردنیان بەرازی بوون بەژیانی مەرگەساتو قوتی لا یەمووت..؟.

ئەمەش بەدەستگیرنەبوونی ئەو وڵاتانە بە یاساو ڕێنمایەکانی خزمەتکردنی منداڵومافی منداڵ لەژیانو فێربوون بەپێی قۆناغەکانی گەشەکردن لەهەموو بوارە جیاجیاکان بەتایبەتیش لەوڵاتانی نا دیموکراتیوپێشێلکردنی نەك هەر مافی منداڵ ، بەڵکو پێشێلکردنی مافی مرۆڤیش.

لەبەر ئەوەی مرۆڤ سەرچاوەی پەرەسەندنو پێشکەوتنو گەشەکردنو هۆکاری سەرەکیو بنەڕەتیە لەسەرکەوتنو سەرخستنی ژێرخانی ئابوری بنیاتنانو گەیشتن بە کۆمەڵگای بەمەدەنی بوون لەهەموو بوارەکانی نەتەوەییو نیشتمانو ڕامیاریو ئابووریو بازرگانیو ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو دابو نەریتو کەلتور.. واتە مرۆڤ سامانێکی بەبەهای گرنگەو بەراورد ناکرێت بەپارەو بەنرخو بە هەر کارێکی دیکە لەژیانداو لەبنیاتنانەوەی وڵات.

ئەمانە هەمووی تاقیکردنەوەن بەرامبەر بە منداڵ لەتەمەنی خوار هەژدە ساڵیداو پێویستە ئەو مرۆڤە ناسكو نەمامە تازەیە بەپێی توانا خزمەت بکرێت لەنەوەی دوا ڕۆژەو نەوە لەدوای نەوە ئەمەش بەپلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی ئەو دەسەڵاتانە بەدابینکردنی هەموو پێداویستەکانی گەشەپێکردنی منداڵ لەنیشتەجێکردنی خێزانەکەی لەباخچەی ساوایانو قوتابخانەو ڕۆشنبیرکردن بە چۆنیەتی بوونی گەلو نیشتمانەکەیو پاراستنی لەئێشو ئازارو ئەشکەنجە بەدوورکەوتنەوە لەکاری ناشایستەو ناچارنەکردنی بە چەوسانەوەی لەهەموو بوارە جیاجیاکان. ئەویش بەکردەوەو کردار نەك بە ووتەو پڕوپاگەندە لەشاشەی تەلەفزیۆنو لەسەماعەی ڕادیۆکان ئەویش بە ئاهەنگ گێڕان بۆچەند منداڵێکی بەرپرسان بەدابەشکردنی دیاری هەمە جۆرو ببێتە هۆی ئازار دانی منداڵان بەگشتی کەئەمەش دەبێتە هۆی بوونی هەستی دوبەرەکیو چەوسانەوەو جیاوازی کردن لەنێوان چینەکانی کۆمەڵگادا، ئائەمرۆش گەلی کوردستان لەبارودۆخێکی ناسكو ئاڵۆزی پڕ لە دڵەڕاوکێ هەنگاو دەنێو پێویستە ئەو سامانو یارمەتیە بدرێت بەپێی پێویستو جیاوازی نەهێشتنی لەنێوان منداڵانی چینو توێژەکانی گەلی کوردستان، چونکە سامانێکەو سەرخستنی داهاتووی گەلو نیشتمانە لەسەر خاکی کوردستان لەهەموو بوارە جیاجیاکاندا بەهۆی چاك لەدەست بوونی نەوە لە دوای نەوەی گەلی کوردستانە لەپێناو گەیشتن بەئامانجە نزیكو دوورەکانی گەلەکەمان لەپێناو گەیشتن بە سەقامگیریو دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەییو نیشتمان.




# با گۆڕانکارییەکان، بەرەو بەعەلمانی کردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بێت

شێرزاد فاتح / سوید



## بەشی سێیەم

یەکەم : قوتابخانە

پۆلەکانی خوێندن لە هەم و بوارەکان و هەنگاوەکانی فێربووندا کاریگەری زۆری هەیە لەسەر مرۆڤ و ئامادەیی بۆ فێربوون و تێگەیشتن. ژینگە (بیئە)ی پۆل و قوتابخانە دەشێ ئەو ژینگەیە بێت کە سەرنجی منالان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و پەیوەندیەکی ڕۆحی لە نێوان چواردیواری فێربوون لە قوتابخانە و فێرخوازدا دروست بکات. کە بەداخەوە ئەوەی بیری لێناکرێتەوە لە قوتابخانەکانی کوردستان و عێراق ژینگەی پۆل و قوتابخانەیە، کەئەسڵەن بیری دەسەڵات و پەروەردە ناچێتە سەری و بۆیان گرنگ نییەو پوولێکی تیا بەخەرج نادەن. کاتێك کە پۆلەکانی خوێندن جوان و دڵگیر بێتن پەنجەرەکان بەپەردەی جوان ڕازابێتەوە، دیوارەکان بەو نەخشەو وێنانەی کە پەیوەندییەکی هەیە بە فێربوون و وانەکانەوە ، منالان وا هەست دەکەن کە هەموو شتێك لەو پۆلە بۆ خۆی شتێکی پێیە بۆ فێربوون و تێگەیشتنی، وە هەست دەکات هەموو شتێك لەدەوروبەریدا زیندووەو پێویستیەکی ڕۆژانەیە کە دەبێ فێری بێ و بیزانێ. من دەتوانم وەك نموونە هەر بەباس کردن وێنەی پۆلی منالە شەش ساڵەکان، واتە پێش قوتابخانە FÖRSKOLAیان پۆلی یەکەم و دووەمی سەرەتایی، بێنمە بەرچاوتان لە وڵاتی سوید.

سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێم کە لە وڵاتی سوید منالان لە تەمەنی حەوت ساڵیدا لە قوتابخانەدا وەردەگیرێن، کاتێك کەتەمەنیان دەبێت بە شەش ساڵ باخچەی ساوایان بە جێدێڵن و دەچنە هەر ئەو قوتابخانەیەی کە بۆ ساڵی داهاتوو لە پۆلی یەکەوە دەست پێئەکەن، بەڵام ئەم منالانە لەوێ پۆلێکیان بۆ دەکرێتەوەو ناوی دەنێن پۆلی شەش ساڵەکان، کە لەم پۆلەدا منالان ڕادەهێنرێن و ئامادە دەکرێن بۆچوونە قوتابخانە. کاتێك سەربەم پۆلەدا دەکەیت یەکەمین شتێك کە سەرنجت ڕادەکێشێت، وێنەی ئەو هەموو گیان لەبەرو درەختەجوانانەیە کە چواردیواری پۆلەکەی پێڕازێنراوەتەوە ، پیتی یەکەمی ناوی هەریەك لەو گیاندارانەش بریتین لە یەکێك لە پیتەکانی ئەلف و بێی فێربوونی زمان ALFABETISK، منال لێرەوە هەم بە ئاسانی بیری ئەو پیتانەی دێتەوە، ناوی گیانەلەبەرێکی بە بیر دێتەوە شتێکیش کە لێرەدا بۆ منالان هەر لەم تەمەنەدا زۆر گرنگە ئەویش ئەوەیە کە منالان لەم تەمەنەوە فێردەکرێن کە گیانلەبەرانیان خۆش بوویت وە گیان لەبەران ئازار نەدەن.

هەمووئەو شتانەی کە پێویستن بۆ نوسین و وێنەکێشان وەك قەڵەم ، قەڵەم بۆیە جۆرەکانی تری بۆیە و ئامرازەکانی نوسین و هێڵ کێشان ، چەندین جۆری کارتۆن و کاغەز ....هتد. دەخرێنە بەردەستی منالان بۆ ئەوەی ئازادانەو بە ئارەزووی خۆیان، بە بێ ئەوەی کە سێك ڕێگریان بۆ دروست بکات فڵچە ئەوەشێنن و وێنە دروست ئەکەن، بەشێکی زۆری ئەم وێنانەش کە دروستی دەکەن لە هەمان پۆلەکەی خۆیاندا مامۆستاکەیان بۆیان هەڵدەواسێت، لێرەشەوەیە کە منالان هەست دەکەن گرنگیان پێدەدرێت و ئەوەی دەیکەن لای گەورەکان ( مامۆستایان و بەخێوکەری منالان) جێگای گرنگی پێدانە، ئەمەش پالنەرو پشتگیریی و هاندەرێکی گرنگە بۆ منالان. ئەمەش بڕوابوون بەخۆی زیاتر لای منالان دروست دەکات.

هەموو ژوورێکی خوێندنی منالان ئەم شتانەی تێدایە، سەلاجە و موجەمیدە، مەغسەل و تەباخ، ڕەفەو جێگای تایبەت بۆ قاپ و پەرداخ و پێداویستی تر، دۆڵابی تایبەت بەهەر خوێندکارێك کە ڕۆژانە دەتوانێت کارو چالاکییەکانی کە دەیکات، یان ئەو شتانەی کە پێویست نین هەموو ڕۆژی لەگەڵ خودا بیهێنن و بیبەن، تێیدا کۆدەکاتەوەو دەیپارێزێ. منالان هەست دەکەن کە قوتابخانە بەشێکە لە مالی خۆیان ، هەموو منالێك لانی کەم ژەمێك خواردنی سەرەکی و دوو نێوان ژەمە خواردنی هەیە، ئەو دایك و باوکانەی کە پێش کاتژمێر ٨ی بەیانی منالەکانیان دەبەن بۆ قوتابخانە بەهۆی چوونی خۆیانەوە بۆسەر کار ، منالەکەیان نانی بەیانیش لەوێ دەخوات ، خواردنی ئەم منالانە بریتیە لەهەموو ئەو خواردن و میوە جۆراو جۆرانەی کە بۆ تەندروستی منالان پێویستن و لە لایەن چێشتلێنەری تایبەت و خاوەن شەهادەوە لێدەنرێت، جگە لە جۆرەکانی گۆشت و ماسی ، شیر و کەرەو پەنیریش یەکێکە لەو خواردنانەی کە بەزۆری بەکار دەهێنرێت.

